کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە

www.kurdistannet.org

3-10-2007 1:45 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## شەڕی دەستەویەخەی سایتەکان ... عومەر کەریم بەرزنجی



هەمیشە لەو بڕوایەدابووم کە رەخنە لە پێناو بەرەوپێشچوون و بنەبڕکردنی ناشیرینی و کەماسیەکاندایە، هیچ کاتێك پێم وانەبووە کە رەخنەی بونیادنەر و رەخنەی رووخێنەرهەبێت وەلی رەخنەم بە هۆکارێکی گرنگی بونیادنەرانە بینیوە، ئەوەی لێرەدا دەمەوێت قسەی لەسەر بکەم ئەو شەڕە قێزەون و دزێوەیە کە لەڕێی هەندێك سایتەوە بەرپاکراوە، شەڕێك بەدەر لە هەموو بەها ئەخلاقی و مرۆڤایەتیەکان، کەسانێك کە جگە لە رۆبۆتێك و بووکەکەڵەیەك هیچی دیکە نین بەبی ئەوەی بەخۆیان بزانن یاخوود پێدەزانن و لە پێناو بەرژەوەندییەکانیاندا خۆیان دەخەڵەتێنن، مەترسی ئەم رەوتە لەوەدایە جگە لەوەی هیچ بنەمایەکی نووسین ڕەچاو ناکەن و بەدەر لە پرانسیپەکانی رەخنە، بازاڕییانە جنێو دەبەخشنەوە، کەسانێکی زیاتر دووچاری ئەو پەتایە ببن و ببێتە نەریتێکی بەدی ناو کۆمەڵگەی کوردی.

ئەو فەزای ئازادییەی کە لە نێو ئینتەرنێتدا هەیەو، ئەو رۆڵە گرنگەی ئینتەرنێت کە جیهانی کردۆتە گوندێکی بچکۆلە، لایەنێکی رۆشن و بەرەوپێشچوونێکی گرنگی مرۆڤایەتییە، وەلی تێگەیشتن لە ئازادی و رێز گرتنی ئەوی دی، پارێزگاری کردنە لەو لایەنە رۆشنەی ئەو داهێنانەی کە خزمەتێکی بێوێنەی مرۆڤایەتی دەکات، کەڵك وەرگرتنی خراپیش لەئینتەرنێت بەرەو ئەشکەوتەکانی تاریکیمان دەبات، دەشی ئینتەرنێت بە قۆرییە ئەفسوناوییەکەی عەلادین بچوێنین، چوونکە زۆرینەی داخوازییەکانمان دێنێتەدی و مینبەرێکی بەرفراوان و بێسانسۆرە، وەلی ئەمە ئەوە ناکەیەنێت ئازادی کەسانی دیکە پێشێل بکەین و کینەی پەنگ خواردووی ناخمان لە بەرامبەر کەسانی دیکەدا، بێئابڕووانە هەڵڕێژین و بیکەینە شمشێرێکی خوێناوی، ئەگەرچی کورد هەر لە زووەوە پێی وابووە کە جێگە زامی تیخ سارێژ دەبێت بەڵام برینی هەندێك قسە هێندە قووڵە سارێژ بوونی زەحمەتە.

شێوازی دەربڕینی درووست کەسایەتی تەندرووست پیشان دەدات، جاران لە رێی دەست خەتەوە دەتوانرا کەسایەتی نووسەر هەڵسەنگێندرێت، وەلی ئێستا لەبەر ئەوەی زۆربەی نووسینەکان بە کۆمپیوتەر دەنووسرێن خوێندنەوەی کەسایەتی لە رێی دەست خەتەوە شیاو نییە وەلی دەکرێت لە رێی شێوازی ئەو دەربڕینانەوە کە لە ناو دەقی نووسینەکاندا بەرچاومان دەکەون کەسایەتی نووسەر هەڵبسەنگێنین، ڕەنگدانەوەی رق و کینە لە نێو نووسینەکاندا کاریگەری خراپی دەبێت بۆسەر بنووسی ئەو نووسراوەو خوێنەرانیش، هەندێك نووسەر دەبینین بەجۆرێك لەسەر کەسی بەرامبەریان دەنووسن سووکایەتی بەناموسیان دەکەن و گیرووگرفتە کۆمەڵایەتی و فەردییەکانی ئەو کەسانە زەق دەکەنەوە، بەجۆرێك دادەبەزنە سەر ژن و دایك و باوکی کەسەکەو سووکایەتی پێدەکەن کە خوێنەر جیاوازی لە نێوان زمانی ئەو نووسینەو ئەو زمانەدا ناکات کە کەسێکی سەرسەری و شەلاتی پێی دەدوێت، کە ئەمەش بەرەو ئاستی سفری نووسینمان دەبات.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.